# دۆڵی "باڵەییان" ، سروشت و مێژوو و کەلتور

■ ئا: فیصل چاوشین/ کۆیلەیی

### بەشی دووەم و کۆتایی

*–لە کاتی ژن گواستەوە لە زۆربەی خەڵکی دۆڵەکە ئەگێردرایەوە بۆ بەشداری کردنی لەو ئاهەنگە گواستەوەی ژن بە سواری وولاخ بووەو لە دوای بووك خەڵکێکی زۆر ڕێز ئەبوون، تاکو گەیشتنی بوك بۆ ماڵی زاوا، چەند کەسێك گۆرانیەکی فۆلکلۆریان ئەوت کە پێی ئەوترا (مەتارێز) ڕۆژێکی خۆش ئەبوو ئەو ڕۆژە، لە بەیانی تاکو بانگی(مەغریب) شایی و ڕەشبەڵەك ئەگەڕاو گۆرانی بێژی باشی لێ بووە یەك ئەی ووت و یەکێکی تر ئەیگێرایەوە نان خواردن بۆ نیوەڕۆ لەسەر ماڵی زاوا بووەو چەند سەر حەیوانێکیان سەر ئەبرشی و بۆ نیوەڕۆ و چەند کابانێك دیاری ئەکرا بۆ لێنانی خواردنی نیوەڕۆ و بە چەند نەوعێك خواردن ئامادە ئەکرا.

*– بژێوی ژیانی خەڵکی ناوچەکە لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و هەنگ بە خێو کردن و گوێز و ڕەزی دێم بووە، زۆریشیان بە توتن کردنەوە خەریك بوونە و توتنی بێشەمای بە ناوبانگی هەبووە.

*– هەر لەبەر ئەو داب و نەریتە جوانانە بووە دۆڵی باڵەییان گرنگی و پێگەی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ شۆڕشەکانی کورد و لە سەرەتای دروست بوونی هەر شۆڕشێك، بە هۆی چڕی ناوچەکە لە رووی (تۆبۆگرافی) شاخاوییەی کە ناوچەییەکی یەکجار سەختە و شۆڕشەکان توانیان سودێکی زۆری لێ ببین لە ڕۆژە سە ختەکاندا دوژمن کەم ئەیتوانی شوێن و حەشارگەی پێشمەرگە بدۆزێتەوە شوێنی حاسێی زۆری تێدایە، وە لە هەمان کاتدا بە بەردەوامی بۆ خزمەتی شۆرش درێخیان نەکردووە، بۆیە بەردەوام دۆڵی باڵەییان کەوتۆتە بەر ڕەحمەتی تۆپ و فرۆکەی جەنگی دوژمن و خەڵکێکی زۆری لێ بۆتە قوربانی و گوندی تێدا نیە چەند جارێك کاول و وێران نەکرابێت، لە سەرەتای دروست بوونی شۆرشی ئەیلول بنکەو بارەگاکانی لە یەکێك لە گوندەکانی دۆڵی باڵەییان دانرا کە پێی دەگوترێت گوندی (دیلمان) سەراپای خەڵکەکەی خۆی بە خزمەتکاری شۆڕشەکە ئەزانی تاکو نسکۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان خەڵکی دۆڵی باڵەییان خیانەتێکیان لە دژی ئەو شۆڕشە نەکردوو بە جل و بەرگ نان و ئاوی خۆیان بە چەند تفەنگێکی ژەنگاوی روو بە رووی هێزێك دەوەستانەوە کە خاوەنی تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتووی سەربازی سەردەمی خۆی بوو، دەیان جار دێهاتەکانی بۆردومان و وێران کران لەسەر ئەم شۆرشە.

*–دوای نەمانی شۆرشی ئەیلول و دروست بونەوەی شۆرشی نوێ ی گەلەکەمان بە رابەرایەتی(ی.ن.ك) دووبارە یەکەم مەفرەزە لە دۆڵی باڵەییان سەری هەڵدایەوە.

بۆ جارێکی تر لەسەر دڵسۆزی خەڵکی ناوچەکە بۆ شۆرش و کوردایەتی خەڵك کەوتەوە ژێر رەحمەتی بۆردومان و وێران کردنەوە لە لایەن رژێمی بەعسەوە، کە تەنانەت خۆراك و ئاوی لە خەڵکی حەرام کردبوو وای لێهات دۆڵی سەر شێخان و گوندەکانی چۆمە و زەنگەڵێن بوونە بنکە و بارەگای سەرکردتیەتی و مەکتەبی سیاسی و شۆرشی نوێ کە هەڤاڵ(مام جەلال) ئەتوانێت ئەو شایەدمان بۆ بدات بۆیە هەر زوو دوژمن کەوتە پلانی هێرشێکی بەر بلاو بۆ دۆڵی باڵەییان لە ( بایناوان) بە هێزێکی زۆر و بە پاڵپشتی فرۆکەی جەنگی، بەلام زۆری جەیش و فرۆکەی جەنگی دوژمن نەیتوانی لە وورەی هێزی پێشمەرگە و خەڵگی ناوچەکە کەم بکاتەوە، کە پێشمەرگە و جەماوەری دۆڵی (باڵەییان+وەلژە+ گوندی سۆرەبا) دەوری بەرچاویان بینی لە شکاندنی هێزی دووژمن لەو شەرەدا، بۆ جاری دووەم و چەند رۆژێك دواتر دووبارە هێرشی دوژمن لە دوو قۆڵەوە بۆ سەر سنوری دۆڵی باڵەیان دەستی پێکردەوەو دوای تۆپ باران کردنێکی سەختی چیا سەرکەشەکانی گابیرێزو شێخ ناصرو دەورو بەری دوژمن هێرشی پیادەی دەست پێکرد ئەم جارەشیان چۆکیان بۆ دووژمن داو دەیان لاشەی ئەفسەرو سەربازی رژێم لە مەیدانی شەرگە بە جێ مان و چەك و تەقەمەنی زۆریش دەست کەوتی پێشمەرگە و جەماوەری ناوچەکە بوو.بۆ جاری سێ یەم دوژمن بە پلانێکی نوێترو جەیشێکی زۆرو فرۆکەی جەنگی لە دوو قۆڵەوە کەوتەوە هێرش کردن بۆ سەر دۆڵی باڵەییان بە نیازی لەناو بردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆرشی نوێ بۆ هەتا هەتایی لەبەر بەیانێکی سەختی بەفرو و باران و زێڤەتدا شەرەکە لە هەردووك قۆڵەکە دەستی پێکرد، کە قۆڵی یەکەم لە زنجیرە چیای شێخ ناصر+ گابیرێز، قۆڵی دووەم لە زنجیرە چیای کەڵەکی باڵەییان و شەوو رۆژێکی خایاند و چەندین کەلاکی دووژمن لە مەیدانی شەرەکە بە جێ مان، بەلام ئەمجارەیان لە بەر درێژ خایەنی شەرەکە و نەمانی تەقەمەنی پێویست، هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کـــــــردوو تەواوی گوندەکانی دۆڵی باڵەییان کەوتە دەستی رژێم.کە ناشکرێت لەو شەرەدا قارەمانەتی خەڵکی گوندەکانی(ئێنزە + لێوژەو گوندەکانی تری ئەو دۆڵە قارەمانە لە یاد بکەین کە دەورێکی بەرچاویان هەبوو لەو شەرەدا.

*–رژێم لە ترسی دڵسۆزی خەڵکی ناوچەکە بۆ شۆرشی نوێ بیری لەوە کردەوە کە لە ساڵی(١٩٧٧)دا دۆڵی باڵەییان بە تەواوی گوندەکانیەوە دابەزێنێت و وێرانی بکات و خەڵکەکەی دابەش کرد بەسەر چەند ئۆردوگایەکی زۆرەملێ کە پێك هاتبوون لە کۆمەڵگاکانی(پیرزین، شاوێس ، چوار قورنە، بەستۆرە) و خەڵکێکی زۆریش لە ناوچەکانی (قەسرێ گوندەکانی) دەوروبەری نیشتەجێ بوون بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری شۆرش و کوردایەتی بن، دوای نەمانی گوندەکانی دۆڵی باڵەییان خەڵکی قەسرێ کە دانیشتوانی پێك هاتبوون لە گوندەکانی(باڵەییان + وەلژە + وەلاش + چەند گوندێکی تر) هەر زوو بیریان لەوە کردەوە کە رێکخراوێك بۆ پاڵپشتی شۆرش دروست بکەن، بە ناوی رێکخراوی خاڵە شهاب کە بە سەر پەرشتی بەرێزان ( فقێ محمدی ماخۆ بزن و سید محمود ، محمود شێربەگ، مینەکاملا، مستەفائەحمەدسلیمان، رەمەزان کۆیلەیی، رەحمان حمد عولا، هاورێ باپیر، احمد کەشخە، کاکەمینی حاجی کوێخا، شەهیدعلی عمر اسماعیل و،سەرباز وەلژی ، رحمن مینە حمد، حاجی مولودی قەلاتێ، مرادی احمدی رسوی، عولای کوێخا مینەی، صباح ابراهیم دەروێش واحمەدشێخە) وچەند کەسێکی دڵسۆزی ترکەناوی هەمویانم لەیاد نیە بۆیەداوای لێبوردنیان لێ دەکەم کەئەو رێکخراوە بوە پاڵپشتێکی بەهێز بۆشۆرشی نوێ، کەبەرێز(نێوشێروان مستەفا) لەکتێبەکەی خۆی لەکەناری دانوبەوەبۆ خری نیوزەنگ (نوسیویەتی یەکەم چادر کە پێشکەش بە هێزەکەی ئێمە کرا کۆمیتەی قەسرێ بوو، کە ئەتوان بڵێم بە قەد چەند مەڵبەندێکی ئێستا سودیان بۆ یەکێتی و کوردایەتی هەبوو لە رووی گەیاندنی خۆراك و زانیاری و چەك و تەقەمەنی پێویست بۆ شۆرش، پێناسەسەکی ئەو رێکخراوە بکەم پێی دەڵێم شۆرشی پاڵپشتی بۆ شۆرشی نوێ.

دوای داگیرسانەوەی چەندین کەس بە ماڵەوە بە قاچاغی خۆیان گەیاندەوە بۆ گوندەکانی دۆڵی باڵەییان و لە وێ هەندێك وەك پێشمەرگە و هەندێکی تر وەك هێزی پشتگیری شۆرش سودی زۆری لێ وەرگرتن هەردەم باریان لەسەر پشتی وولاخ بوو بۆ شۆرش و کوردایەتی کە لە زۆربەی روو بە روو بونەکاندا سەنگەری هێزی پشتگیری سەنگەرێکی پۆلاین بووە بۆ لووت شکاندنی دوژمن. لە ئەنجامی شۆرشە درێژ خایەنەکان و ماندوو بوونی خەڵکی دڵسۆزی ئەو ناوچەیە سوتان و وێران کردنی دەیان گوند و دێهاتی ئەو ناوچەیە، شەهیدێکی زۆر ماڵ نیە شەهیدێکی تێدا نەبێت ماڵ نیە نەسوتا بێت ماڵ نیە دەربەدەر نەکرابێت.

بۆیە هەندێك جار لە سەر کردەی دوو حزبەکە زۆر گوێبیستی ئەوە دەبین کە بەلانکەی دوو شۆرش ناوی دەبن ، بەلام کام بێشکە بێشکەیەکی وێران لە رووی ( ئاوەدانی+ رێگاوبان+خوێندگا+نەخۆشخانە+ شوێنی گەشتیاری+ ئاو ئاوەرۆ +کارەبا+ مزگەوت و..... هتد)



# گەندەڵی و چەند سەرنجێك

■ محەمەد ڕوستایی

ئەمڕۆ قسەکردن لەسەر گەندەڵی بۆتە بابەتێکی گەرم و هەنوکەیی، بۆتە بابەتێك کە جێگەی تێڕامان و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنە، چییە وا دەکات گەندەڵی تان و پۆی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریمان داپۆشێت؟ بۆچی گەندەڵی بۆتەئەو کابوسەی کە بەر بێنگمان بەر نادات؟ ئایا بەڕاست دەتوانین گەندەڵی بنبڕ بکەین؟ سەرچاوەکانی گەندەڵی چین و چۆن دەتوانین ڕووبەڕویان ببینەوە؟ گەندەڵی بەر لەوەی ببێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زادی مرۆڤ خۆیەتی واتا تاك ڕۆڵی کاراکتەرێکی سەرەکی دەبینێت لە بە کۆمەڵایەتی کردنی و بە گشتی کردنیدا، گەندەڵی سەرەتا لە خودی تاکەکەسەوە دەست پێ دەکات و دەپەڕێتەوەبۆ گشت و دواتر پانتاییەکی گەورە پێك دەهێنێت، واتا بۆ ئەوەی ئێمە لەم دیاردەیە تێبگەین دەبێ ناوەوەی مۆرڤ وەك تاك بپشکنین نەبوونی دڵسۆزی و پەرۆشی و سڕبوونی هەیتی ئینتیمای نەتەوایەتی و نیشتیمانی و هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی و مێژوویی و ئەخلاقی و نزمی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و ئەمانە و چەندان هۆکار تر هەن کە تاکی گەندەڵ بەرهەم دەهێنن، هەر لەبەر ئەوەیە مرۆڤی گەندەڵ لە ڕووی دەرونییەوە کەسێکە جەمسەرەکانی بەرژەوندیە تایبەتیەکانی خۆی دەبینێت، بۆیە ئەم جۆرە کەسایەتیە تەنها ئامانجەکانی خۆی دەبینێت و ئامانجە گشتیەکان پشت گوێ دەخات، لێرەدا دەمەوێت بڵێم بە بۆچوونی من تەشەنەکردنی گەندەڵی لە چەند خاڵێك دەبینم، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١. نەبوونی نەخشە و پلانێکی ورد و داڕێژراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دیاردەی گەندەڵی، چونکە حکومەت بەر لەوەی ناچار بکرێت بۆ خاڵە نەگەتیڤەکان و بەخۆداچوونەوە پێویستە هەمیشە خۆی بەخۆیدا چووبێتەوە و دیارەدە نەگەتیڤەکانی کەم کردبێتەوە، بە گەندەڵیشەوە، چونکە ئەمڕۆ هەموو دیاردە نەگەتیڤەکان بزەن لەبەر وشەی گەندەڵی.

٢. ڕیشەکێشکردنی عەقلیەتی بەعسیزم لە ناو دام و دەزگاکانی دا، کە تاکو ئێستاش لەگەڵ دابێت بە جۆرێك لە جۆرەکان جێگە و پێگەی خۆیان هەیە، بۆیە ڕیشەکێشکردنی ئەم عەقلیەتە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ هەموو ئەو دیردە نەگەتیڤانە بە گەندەلیشەوە، بە توند و تیژیشەوە، کە لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان ڕویداوە، وە هەموو خاڵە نەگەتیڤەکان کە لە شەڕی ناوخۆدا بەکارهاتوون، دەتوانین بڵێین هەموویان لە پاشماوەی بەعسیزم بوون کە لەگەڵ هەردوو حزبە سەرەکیەکەدابوون، وە هاندەر و پێشمەرگە لاوەکانیش بوون بۆ توندوتیژی و گەندەڵی.

٣. نەبوونی دەوڵەتی یاسا بە مانای گشتی، لە غیابی یاسادا گەندەڵی زۆر تەشەنە دەکات و دوراییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی داگیر دەکاتن، ئەوە یاسایە کە چوارچێوەیەك دادەڕێژێت بۆ قالبڕێژکردنی ژیانی سیاسیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، وە لەوێشەوە سنورێك بۆ زیادەڕۆیی وسەرپێچیکەران دادەنێت.

٤. نەبوونی زەمانەتی کۆمەڵایەتی، لە وڵاتی ئێمەدا لەبەر ئەوەی هیچ گەرەنتیەك بۆ پاشە ڕۆژی ئایندەی تاك لە گۆڕێ نییە، بۆیە تاك بۆ دابینکردنی پاشە ڕۆژی خۆی پەنا بۆ خۆدەوڵەمەندکردنی ناشەرعی دەبات،لێرەدا سیستەمێکی باش بۆ مسۆگەرکردنی ئایندە بوونی هەبێت، ڕەنگ بێ تا ڕاددەیەك سنورێك بۆ گەندەڵی دابنرێت.

٥. لاوازی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە بە ئەرکی سەرەکی خۆیان هەڵناستن، بۆئەوەی فیلمی گروهەکانی گوشاربن بۆ سەر دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی زۆر سست ولاوازن و لە سەرەتای دروستبوونیان دان، بۆیە کارکردن و فراوانبوونی بازنەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەرکێکی هەنوکەییە، دەبێ ژیرانەتر هەستن بە کارەکانیان، وەخۆیان جیا بکەونەوە لەو ڕێکخراوانەی لەلایەن کەسێك یاخود حزبێك بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دێن، یاخۆد بەناوی کۆمەڵگای مەدەنی کاردەکەن کە دوریشن لەو کارە.

٦. نەبوونی دوالیزمی پاداشت و سزا لە یەکە ئیداریەکاندا، واتا سزادانی گەندەڵ و خراپەکاران وە پاداشتکردنی دڵسۆز و خەمخۆران، چونکە هەموومان ئەو واقیعە دەزانین کە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت نە سزادان بۆ گەندەڵان هەبووە، نە پاداشتیش بۆ دڵسۆز و خەمخۆران هەبووە.

٧. لاوازی دەزگای چاودێری دارایی، چونکە ئەم دەزگایە بەشێوەیەکی کلاسیك بەڕێوەدەچێت.

٨. دەزگا ڕاگەیاندنەکان زیاتر گرنگی بایەخ بە بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە بدەن، بە گرتنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار و مێزگردی تایبەت و ...تاد، نەك ببنە پەنایەك بۆ شاردنەوەی ئەم خاڵە نەگەتیڤانەی کە ئێستا هەن بەگەندەڵیشەوە.

لە کۆتاییدا بۆ قسەکردن لەسەر گەندەڵی زۆر هەڵدەگرێ و زۆر توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، چونکە ئەم دیاردە دزێوە ئەرکی هەر تاکێکی کۆمەڵگایە کە پیێی هەڵسێ و بە هەموو لایەك بتوانین ڕووبەڕووی ببینەوە، بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستادا کە حکومەتی هەرێم سەرقاڵیەتی بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com